خەلیل عەبدوڵڵا

# بەجینۆساید ناسینی ئەنفال

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

بەجینۆسایدناسینی ئەنفال
خەلیل عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(١٨١٥ ) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تایپ: سوهەیلە عبدالوهاب
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٢٩ )

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لەدەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پێشەکی

ئەنفال ناوونیشانی ئەو تاوانە گەورەیەیە کە رژێمی دیکتاتۆری بەعس لەساڵی ١٩٨٨ لەدژی گەلی کوردستان ئەنجامیداو گەورەترین زیانی مرۆیی‌و مادی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و مەعنەوی‌و ژینگەیی لێکەوتەوە. تا ئێستاش شوێنی ئەو زامە قووڵەی جەستەی کوردستان ساڕێژ نەبووەو هەر خوێنی لێدەچۆرێت. ئەگەرچی ئەو تاوانە گەورەیە لەکاتێکدا ئەنجامدرا کە گەلی کوردستان گەلێکی تەنهاو بێ پشتو پەنای سەر ئەم گۆی زەوییە بوو، تەنانەت



چیاکانی کوردستانیش کە دۆستێکی سەر راستو هەمیشەیی گەلی کوردستان بوون، لەو کاتەدا نەیانتوانی بەر بەو کارەساتە بگرن. بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەو تاوانە بەبێ سزاو لێپرسینەوە تێنەپەڕی‌و لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق‌و روخانی رژێمی بەعس، سەرانی ئەو رژێمەو تاوانبارانی ئەنفال دەستگیرکران‌و بەهۆی تاوانەکانیانەوە روبەڕوی دادگایەکی عادیلانە بوونەوە.

لەو چوارچێوەیەدا کەیسی ئەنفال یەکێك بوو لەو کەیسانەی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق کە شەست دانیشتنی دادگاکەی بۆ تەرخانکراو لەدوای ئەو دانیشتنانە لەرۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا دادگاکە بڕیاری خۆی بە سەر شەش گەورە تاوانباری ئەو کەیسەدا سەپاند بە سزای لەسێدارەدان بۆ (عەلی حەسەن ئەلمەجیدو سوڵتان هاشمو حسین رەشید)و

سزای زیندانی هەمیشەیی بۆ (فەرحان ئەلجبوری‌و سابر ئەلدوری)و (تاهیر ئەلعانی)یش بێتاوان دەرچوو.

خاڵی گرنگ‌و ئیجابی ئەو بڕیارەی دادگا کە ئەوە بوو کە تاوانی ئەنفالی بە جینۆسایدناسی. ئەوەش بایەخێکی گەورەی لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی هەیە.

پاش بڕیاری بە جینۆسایدناسینی تاوانی ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە. رۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق تاوانی ئەنفالیان بەجینۆساید ناسی. ئەوەش لەسەر ئاستی عیراق‌و هەرێمی کوردستان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام بە تەنها بە جینۆساید ناسینی ئەو تاوانە بەس نییەو دەبێت هەنگاوی دیکەی عەمەلی بە دوادابێت. چونکە بەرەسمی ناسینی تاوانی ئەنفال وەك جینۆساید چەند شوێنەوارو پابەندییەکی یاسایی دەخاتە ئەستۆی



دەوڵەتی ئێستای عیراق. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە بەپێی یاسای گشتی نێودەوڵەتی تاوانی جینۆساید بە پێشێلکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. سەلماندنی ئەو پێشێلکارییەش لەرێی دادگاوە پابەندێتی یاسایی دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی عیراق.

سەرباری ئەوەی کە تاوانی ئەنفال لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەدژی گەلی کوردستان ئەنجام دراوەو ئێستا ئەو رژێمە روخاوەو لەسەرکار نەماوە. بەڵام بەپێی یاسای گشتی نێودەوڵەتی پابەندییە یاساییەکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی دواتر، واتە حکومەتی ئێستای عیراق.

یەکێك لەو پابەندییانەی کە دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی ئێستا قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان‌و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالە، کە قەرەبووی زیانە گیانی‌و مادی‌و مەعنەوی ژینگەییەکان دەگرێتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە مادەی ٢٢ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە تایبەتە بەقەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانو کەسوکاری قوربانیانی دەستی رژێم، ئاماژە بەوە دەکات کە قەرەبووکردنەوەکە لەرێی پێشکەشکردنی داوای مەدەنی بۆ دادگا لەدژی تۆمەتباران دەبێت.

بێگومان قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەو شێوازەو لەرێی داوای فەردییەوە لەدژی تاوانبارانی کەیسی ئەنفال تووشی چەند ئاستەنگێك دەبێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە ئەو پێنج تاوانبارەی کەیسی ئەنفال ئەو توانا مادییەیان نییە کە بەشەخسی قەرەبووی ئەو زیانە گەورەیەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بکەنەوە. ئەوە بێجگە لەوەی کە ئەو پرۆسەیە لەرێی دادگاوە کاتێکی زۆر دەخایەنێتو ئەنجامی ئەو تۆشی لێناکەوێتەوە.



هەربۆیە پێویستە دەوڵەتی عێراق بەشێوەیەکی گشتی قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالو زیانلێکەوتوان بکاتەوە. ئەوەش بەوەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی تایبەت بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفال دەربکات. ئەوە بێجگە لەوەی کە وەك لەبڕگەی (١)ی مادەی ١١٢ی دەستووردا هاتووە. پشکێك لەداهاتی نەوتو گاز بۆ ناوچە زیانلێکەوتوەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتیو ناوچەکانی سنوری ئەنفال بە تایبەتی دیاری بکرێت بۆ گەشەپێدانی ئەو ناوچانە.

لەکۆتایشدا ئەو راستییە دەخەمە روو کە بەتەنها بەرەسمی ناسینی تاوانی ئەنفال بەجینۆساید لەسەر ئاستی عیراقو قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەنفالو زیانلێکەوتوان بەس نییەو ئامانجی کۆتایی ناپێکێت، بەڵکو دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عیراق پێکەوە هەوڵی بەنێودەوڵەتیکردنی بدەن لەلای

نەتەوەیـــــەکگرتووەکانو ڕێکخـــــراوە نێودەوڵـــــەتیو هەرێمایەتیـــــەکانی تـــــر، ئـــــەوەش بەمەبەســـــتی مسۆگەرکردنی زەمانـەتێکی نێودەوڵـەتی بـۆ پاراسـتنی هــەرێمی کوردســـتانو ڕێگـــرتن لـــەدوبارە بوونـــەوەی تاوانێکی لەو شێوەیە لەدژی گەلی کوردستان.

بەشی یەکەم:

# ناساندنی ئەنفال

**یەکەم- زاراوەی ئەنفال**

ئەنفال وشەیەکی عەرەبیەو کۆی وشەی (نفل)ـە. ئەم وشەیە بەمانای دەستکەوتو تالآنی جەنگ دێت. پێش بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیش، وشەی ئەنفال بەمانای تالآنی جەنگی لەماڵو سامانو چەكو ئاژەڵو تەنانەت بۆ دیلەکانی جەنگیش لەناو عەرەبەکاندا بەکارهاتووە.

لەدوای بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، وشەی ئەنفال بۆتە سورەتی هەشتەمی قورئان. ئەم سورەتە لەکاتی شەڕی بەدرو سەرکەوتنی موسوڵمانەکان بەسەر



کافرەکان هاتۆتە خوارەوە. ئەوەش بۆ ئەوە هاتووە کە چارەسەری کێشەی نێوان شەڕکەرە موسوڵمانەکان بکات کە بەهۆی دەستکەوتەکانی شەڕی بەدرەوە کێشە کەوتبوە نێوانیانەوەو بیروبۆچوونی جیاوازییان سەبارەت بەدابەشکردنی دەستکەوتەکان هەبوو.

لەوکاتەدا سورەتی ئەنفال دابەزیو چۆنیەتی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی ئەنفالی خستبوەروو. کە بەپێی ئەو سورەتە دەستکەوتەکانی پێنج یەکی بۆ خواو پێغەمبەرو خزمو کەسوکاریو هەتیوو هەژارو ڕێبوارە نەدارەکان بوو، چوار بەشەکەی تریشی بۆ ئەو کەسانە بوو کە بەشداری ئەو شەڕەیان کردبوو.

حزبی بەعسی دیکتاتۆری ئیلهامی ئەنفالی لەو سورەتەی قورئان وەرگرتووەو لەساڵی ١٩٨٨دا زنجیرەیەك شاڵاوی دڕندانەی لەناوچە ئازادکراوەکانی ئەو کاتەی شۆڕشدا لەدژی هاووڵاتیانی مەدەنی گەلی کوردستان ئەنجامداو لەو پڕۆسە دزێوەدا زیاتر لە

(١٨٢٠٠٠) مرۆڤی کوردی بێسەرو شوێن کراو تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانە ئەو ئەنفالەی لەسورەتی هەشتی قورئاندا باسی دەکات، لەدژی کافرەکانو شەڕکەرەکانیان لەبەرەکانی جەنگدا بەکارهاتووە. کەچی رژێمی دیکتاتۆری بەعس دژی گەلێکی موسڵمانو هاووڵاتیانی مەدەنی لەژنو منداڵو پیرو گەنج ئەنجامیداوە. کە هەموو یاساو عورفو ئایینو بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی رێگرە لەو کارەو حەرامی کردووە.

## دووەم- جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال

ئەنفال زنجیرەیەك شاڵاوی دڕندانەبوو، کە سوپای عیراق بەسەرپەرشتی تاوانبار عەلی حەسەن ئەلمەجید لەساڵی ١٩٨٨ لەناوچە ئازادکراوەکانی ئەوکاتەی شۆڕشدا ئەنجامیدا.



ئەم شاڵاوانە لەمانگی شوبات تا مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ لەم ناوچانەی خوارەوەدا ئەنجام درا:

١. ئەنفالی یەك لەمانگی شوبات بۆ دۆڵی جافایەتیو سەرکردایەتی (ی. ن. ك).

٢. ئەنفالی دوو لەمانگی ئازار بۆ ناوچەی قەرەداغ.

٣. ئەنفالی سێ لەمانگی نیسان بۆ ناوچەی گەرمیان.

٤. ئەنفالی چوار لەسەرەتای مانگی مایس بۆ ناوچەی زێی بچوك.

٥. ئەنفالی پێنجو شەشو حەوت لەناوەڕاستی مانگی مایس بۆ گوندەکانی سەر بەڕەواندوزو خەلیفانو خۆشناوەتی.

٦. دوا قۆناغی ئەنفال لەکۆتایی مانگی ئاب بۆ ناوچەی بادینان.

## سێیەم- ئامانجو مەبەستی ئەنفال

حزبی بەعس وەكو حزبێكی ڕەگەزپەرستو شۆڤێنی دیدو تێڕوانینی فاشییانەی بۆ گەلی كوردستانو كەمینە نەتەوەییەكانی دیكە هەبوو. عێراقی بەگەلو خاكەوە بەوڵاتێكی عەرەبی دەزانیو بەبەشێك لەنەتەوەو خاكی عەرەب دایدەنا.

گەلی كوردو گەلەكانی دیكەی ناو عێراقی بەمیوان سەیر دەكردو بەهەڕەشەی سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی لەقەڵەمی دەدان. هەربۆیەش لەهەلو دەرفەت گەڕاوە بۆئەوەی سیاسەتە دزێوەكانی بەرامبەر بەو گەلانە بەگشتیو گەلی كورد بەتایبەتی ئەنجام بدات. ئەگەر هەندێ جاریش گفتوگۆی لەگەڵ سەركردایەتی سیاسی گەلی كوردستاندا كردبێتو دانی بەهەندێ لەمافەكانیدا نابێت ئەوە تەنها لەدیدو ڕوانگەی تاكتیكیەوە بووەو دیدو تێڕوانینی ستراتیجی ئەو



ڕژێمە ئیش كردن بووە بۆ توانەوەو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی كورد . لەو چوارچێوەیەدا سیاسەتە دزێوەكانی بەعەرەبكردنو كۆچ پێكردنو بەبەعس كردنو تەسفیركردن چەند تیغێكی ژەنگاوی بوونو بەردەوام لەجەستەی گەلی كوردستانی چەقاندبوو، تا كار گەیشتە ئەو ئاستو قۆناغەی كە چەكی كیمیاوی قەدەغەكراوی نێودەوڵەتی بەكاربهێنێو شاڵاوە دزێوەكانی ئەنفال ئەنجام بدات. ڕژێمی بەعس لەم كارانەی بەگشتیو ئەنفال بەتایبەتی چەند مەبەستێكی هەبوو لەوانە:

١. لەناوبردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان كە بەباسكی بەرگری دادەنرا، ئەوەش لەڕێگەی كاولكردنی گوندەكان كە مەڵبەندی ئەو شۆڕشە بوون.

٢. ڕژێمی بەعس بەكاولكردنی گوندەكان، ئامانجێكی دیكەشی پێكا، ئەویش هەڵتەكاندنی بنەمای ئابوری

کوردستان بوو کە زیانێکی گەورەی لەسامانی کشتوکاڵو ئاژەڵداریو دارستان دا.

٣. رژێمی بەعس بەئەنجامدانی ئەنفال ویستی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان کەم بکاتەوە، چونکە ژمارەی دانیشتوانی عەرەب بەهۆی شەڕی ئێرانەوە کەم بووبۆوە. بەعس لەئەنفالدا زۆرترین خەڵکی ناوچە ستراتیجیو نەوتیەکانی سەر بەپارێزگای کەرکوكو گەرمیانو ناوچە نەوتیەکانی تری لەناوبرد بۆئەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لەو ناوچانە کەم بکاتەوە، ئەوەش بەمەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانی ئەو ناوچانە.



## بەشی دووەم:

# ناساندنی جینۆساید

### یەکەم: زاراوەی جینۆساید

جینۆساید زاراوەیەکی گریکیە لەدوو بڕگە پێك هاتووە، جینۆ بەمانای بنەچە، ساید بەمانای لەناوبردنو قڕکردن دێت، هەردوو بڕگەکە پێکەوە بەمانای قڕکردنی بنەچە دێت.

جینۆساید چەند جۆرێکەو بەتەنها جینۆسایدی جەستەیی ناگرێتەوە، بەڵکو چەند جۆرێکی هەیە کە ئەمانەن:

١. جینۆسایدی جەستەیی: ئەمەش کوشتنو لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵە بەشێوەی راستەوخۆ

یاخود ناڕاستەوخۆ ئەوەش بەڕەمی کردن، زیندەبەچاڵکردن، بێسەرو شوێنکردن، لەسێدارەدان، بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ.

٢. جینۆسایدی بایەلۆژی: ئەوەش ڕێگرتنە لەدایکبوونو زیادبوونی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك.

٣. جینۆسایدی کلتوری: قەدەغەکردنی زمانو شێواندنی مێژووی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك.

٤. جینۆسایدی ئابووری: ئەمەش بەمانای برسیکردنو وێرانکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەر کۆمەڵێك.

## دووەم: ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید

لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی، بەهۆی ئەو کۆمەڵکوژی تاوانە گەورانەی کە لەدژی مرۆڤایەتی ئەنجام دراو بە هەزاران مرۆڤ بوونە قوربانی،



ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا بۆ ئەوەی ڕێگە لەدوو بارە بوونەوەی جەنگو ئەو تاوانو کارەساتانە بگرێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٤٦ بە بڕیارێك جینۆسایدی بە تاوانێکی نێودەوڵەتی ناسیو لەساڵی ١٩٤٨ یشدا ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی ئەنجامدەرانی دەرکرد.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدیباجەی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدا ئاماژەی بەوە کرد کە بەبڕیاری ژمارە (٩٦)ی ڕۆژی ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جینۆسایدی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەتاوانێکی نێودەوڵەتی داناوە، چونکە ئەو تاوانە پێچەوانەی گیانو ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەو لەهەموو سەردەمەکانی مێژوودا زیانی گەورەی بەمرۆڤایەتی گەیاندووە. هەر بۆیەش جیهانی

شارستانی ئیدانەی دەكاتو بۆ رزگاركردنی مرۆڤایەتیش لەوپەتا پیسە پێویستی بە هاوكاری نێودەوڵەتی هەیە.

لەبەر بایەخی ئەو رێكەوتننامەیە، ئاماژە بە ناوەڕۆكی مادده گرنگەكانی دەكەم.

١ـ بەپێی ماددەی یەكی رێكەوتننامەكە، لایەنەكانی رێكەوتننامەكە كۆك بوون لەسەر ئەوەی كە جینۆساید چ لەكاتی شەڕ یاخود ئاشتییدا ئەنجام درا بێت، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانێكی نێودەوڵەتییە. هەر بۆیەش لایەنەكانی رێكەوتننامەكە بەڵێنی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی ئەنجامدەرانیان داوە.

٢ـ بەپێی ماددەی دووی رێكەوتننامەكە، جینۆساید هەر یەك لەم كارانەی خوارەوە دەگرێتەوە كە بەمەبەستی لەناوبردنی بەشێك یان هەموو گروپێكی نەتەوەیی یان رەچەڵەك یان ئایینی یان رەگەزی ئەنجام درا بێت. كارەكانیش ئەمانەیە:



أـ كوشتنی ئەندامانی گروپێك.

ب ـ زیانگەیاندنی مەترسیداری جەستەیی یاخود گیانی بە ئەندامانی گروپێك.

ج ـ بە ئەنقەست دانانی گروپێك لەهەلومەرجێكی بژێوی دژوار بە مەبەستی لەناوبردنی ماددی بەشێكیان یان هەموویان.

و ـ كۆسپ خستنە بەر منداڵبوون لەگروپێكدا.

هـ ـ بە زۆر گواستنەوەی منداڵان لەكۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی تر.

٣ـ بەپێی ماددەی سێی رێكەوتننامەكە ئەنجامدانی ئەم كارانەی خوارەوە تاوانەو سزای هەیە:

أ ـ ئەنجامدانی جینۆساید.

ب ـ پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ج ـ هاندانی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

و ـ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ھ ـ بەشداریکردن لەجینۆسایددا.

٤ـ بەپێی ماددەی چواری ڕێکەوتننامەکە ئەنجامدەرانی جینۆساید هەر کارێك لەکارەکانی دوو توێی ماددەی سێی ڕێکەوتننامەکەیان ئەنجامدا بێت سزا دەدرێن، ئیدی ئەو کەسانە دەسەڵاتداری دەستووری یاخود فەرمانبەری گشتی یاخود فەردی ئاسایی بن.

بەپێی ئەم ماددەیە دەسەڵاتدارانی دەستووریو فەرمانبەرانی گشتی بەهۆی پۆستەکانیانەوە حەسانەیان نابێتو لەو تاوانە نابەخشرێن.

٥ـ بەپێی ماددەی پێنجی ڕێکەوتننامەکە هەموو ئەو لایەنانەی کە ڕێکەوتننامەکەیان ئیمزا کردووە، پەیمانیان داوە هەر یەکەیان بەپێی دەستووری وڵاتەکانیان ڕێوشوێنی تەشریعی پێویست بگرنە بەر بۆ زامنی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە، بە تایبەتی سزادانی ئەنجامدەرانی



تاوانی جینۆسایدو هەر کارێك لەو کارانەی کە ماددەی سێی ڕێکەوتننامەکە باسی کردووە.

٦ـ بەپێی ماددەی شەشی ڕێکەوتننامەکە، کەسانی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی جینۆساید یاخود هەر کارێکی تری دوو توێی ماددەی سێی ڕێکەوتننامەکە دادگایی دەکرێن لەبەردەم دادگایەکی ناوخۆیی تایبەتی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکە لەسەر خاکەکەی ئەنجامدراوە. یاخود لەبەردەم دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی دادگایی دەکرێن، ئەگەر نەتوانرا لەدادگایەکی ناوخۆدا دادگایی بکرێن، ئەو کات پەنا بۆ دادگای نێودەوڵەتی دەبرێت.

٧ـ بەپێی ماددەی حەوتی ڕێکەوتننامەکە، جینۆسایدو کارەکانی تری کە لەماددەی سێی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە بەتاوانی سیاسی دانانرێتو ئەو کەسانەی ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە ناتوانن بچنە وڵاتێکی تر مافی پەنابەری سیاسی وەربگرن، چونکە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ڕێکەوتننامەیان ئیمزا کردووە

پەیمانی ئەوەیان داوە کە ئەو تاوانبارانە تەسلیم بکەنەوە کە بەتاوانی جینۆسایدو تاوانەکانی تری ماددەی سێ تۆمەتبارن.

٨ـ بەپێی ماددەی هەشتی ڕێکەوتننامەکە هەر لایەنێکی ڕێکەوتننامەکە بۆ هەیە داوا لەدامودەزگا تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر ڕێوشوێنێکی گونجاو بگرێتە بەر بۆ قەدەغەکردنو سەرکوتکردنی کارەکانی جینۆساید یاخود هەر کارێك لەکارەکانی لەماددەی سێی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە.

٩ـ بەپێی ماددەی نۆی ڕێکەوتننامەکە، لەسەر داوای هەر لایەنێکی ناکۆك بۆ کێشەکانی نێوان لایەنەکانی ڕێکەوتننامەکە دەتوانرێت داوا لەدادگای دادی نێودەوڵەتی بکرێت سەبارەت بە شیکردنەوە یاخود جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە یاخود سەبارەت بەو کێشانەی پەیوەندی بە لێپرسراوێتی هەر



دەوڵەتێکەوە هەیە لەبواری جینۆساید یاخود هەر کارێك لەو کارانەی لەماددەی سێی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە.

١٠ـ بەپێی ڕێکەوتننامەی بەسەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی تاوانی جینۆساید بە تێپەڕبوونی کات بەسەر ناچێت.

واتە ئەم تاوانە چەند کۆنیش بێت بەسەرناچێتو تۆمەتبارانی دادگایی دەکرێن.

## سێیەم: ئەنفال لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایددا

ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزادانی ئەنجامدەرانیدا سەیری تاوانی ئەنفال بکەین دەگەینە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە:

١ـ دەوڵەتی عیراق ئەم ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەی پێشێل کردووە کە لەساڵی ١٩٥٩ ئیمزای کردووەو دەبوو پێوەی پابەند بوایە، کەچی نەك پێوەی پابەند نەبووە بەڵکو لەعەمەلیاتی ئەنفالدا گەلەکەی خۆی جینۆساید کرد.

٢ـ مەبەستی ڕژێمی بەعس لەئەنفال لەناوبردنی بەشێکی نەتەوەی کورد بووەو هەموو کارەکانی دوو توێی ماددەی دووی ڕێکەوتننامەکەو تاوانەکانی دوو توێی مادەی سێی ڕێکەوتننامەکەی لەکاتی عەمەلیاتی ئەنفال لەدژی گەلی کوردستان ئەنجام داوە.

هەر بۆیەش دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لەکاتی دەرکردنی بڕیارەکانی دۆسیەی ئەنفال لەدژی عەلی کیمیاوی‌و هاوڕێکانیدا تاوانی ئەنفالی بە جینۆساید ناسی.

٣ـ لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا دەسەڵاتدارانی سەردەمی ڕژێمی بەعس ڕووبەڕووی



دادگاییکردن بوونەوە پۆستە حکومیەکان حەسانەی تاوانەکانی نەکردن.

٤ـ دەبوو لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە لەدەستووری عیراقدا ڕەنگی بدایەتەوەو ڕێگری لەتاوانی جینۆساید بکرایە. ڕژێمی پێشوو نەك ئەوەی نەکردووە، بەڵکو بێ شەرمانە تاوانی جینۆسایدی لەدژی گەلەکەی خۆی ئەنجام داوە.

٥ـ لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا تاوانبارانی ڕژێمی پێشوو لەبەردەم دادگایەکی ناوخۆییدا دادگایی کران، ئەوەش لەبایەخی دادگاییکردنە کەم ناکاتەوە، چونکە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکە خۆی ڕێگەی داوە کە ئەگەر کرا تاوانبارەکان لەبەردەم دادگایەکی ناوخۆییدا دادگایی بکرێن، ئەگەر نەکرا ئەنجا پەنا بۆ دادگای نێودەوڵەتی دەبرێت.

٦ـ بەپێی ڕێکەوتننامەکە هەموو ئەو کەسانەی بەتاوانی جینۆساید تۆمەتبارن ناتوانن بچنە وڵاتێکی

تر مافی پەنابەری سیاسی وەربگرن، چونکە بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە هەر تۆمەتبارێك بۆ هەر وڵاتێك هەڵبێت، تەسلیم بەعیراق دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت.

٧. بەپێی ڕێکەوتننامەکە تاوانی جینۆساید یەکێکە لەو تاوانانەی کە بەتێپەڕبوونی کات کۆن نابێتو بەسەر ناچێت، لەو چوارچێوەیەدا ئەو کەسانەی بەتاوانی ئەنفال تۆمەتبارن بە تێپەڕبوونی کات تاوانەکەیان لەسەر لاناچێتو هەر دەبێت ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.



## بەشی سێیەم:

# دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالو دەرەنجامەکانی

### یەکەم:

### ئەنفال لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکان دا

دادگاییکردنی سەرانی بەعس بەپێی یاسای دادگای بالای تاوانی عیراق ئەنجام درا، ئەم یاسایە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیەوە لەساڵی ٢٠٠٥دا پەسەند کرا.

بەپێی ماددەکانی ئەم یاسایە لەهەر هاووڵاتیەکی عیراقیو ناعیراقی نیشتەجێی عیراق دەکۆڵرێتەوە کە تۆمەتبار کرابێت بەیەکێك لەو تاوانانەی لە ماددەکانی

(١١، ١٢، ١٣، ١٤)ی ئەم یاسایەدا دەست نیشان کراوەو لەنێوان ١٩٦٨/٧/١٧ تا ٢٠٠٣/٥/١ لەعیراق یاخود هەر شوێنێکی تر روویان داوە.

ئەو تاوانانەی لەو یاسایەدا دەست نیشان کراوە ئەمانەن:

١ـ تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید).

٢ـ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

٣ـ تاوانەکانی جەنگ.

٤ـ پێشێلکردنی یاساکانی عیراقی وەك :

أ-دەستوەردان لەکاروباری قەزاو یاخود هەوڵدان بۆ تەئسیرکردن لەکارەکان.

ب ـ بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی.

ج ـ خراپ بەکارهێنانی پۆستو هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی کە دەبێتە هۆی هەرەشە بەجەنگ یاخود بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانی عیراق دژ بەدەوڵەتێکی عەرەبی.



ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تاوانی ئەنفالە ئایا ئەم تاوانە دەچێتە چ خانەیەك لەو تاوانانەوە کە لەم یاسایەدا باسی لێوە کراوە.

پرۆسەکانی ئەنفال کە رژێمی سەدام حسین لەساڵی ١٩٨٨دا لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا ئەنجامیدا، تاوانی جینۆسایدە.

کە سەیری یاسای دادگای باڵای تاوانی عیراق دەکەین دەبینین، بەپێی ماددەی ١١ی یاساکە تاوانی کۆمەڵکوژی لەپسپۆڕی ئەم دادگایەیە.

بەپێی برگەی یەکی ماددەی ١١ی یاساکە تاوانی کۆمەڵکوژی لەبەر رۆشنایی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەقەدەغە کردنو سزادانی تاوانبارانی تاوانی کۆمەڵکوژیی ساڵی ١٩٤٨ پێناسە کراوە.

ئەو ماددەیە، کۆمەڵکوژیی (جینۆساید)ی بەم شێوەیە پێناسە کردووە (کۆمەڵکوژی ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە بەمەبەستی لەناوبردنی

بەشێك یان هەموو گروپێكی نەتەوەیی یان عرقی یان ئایینی یا رەگەزی)یە كە ئەم شێوازانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

أ ـ كوشتنی تاكەكانی كۆمەڵێك.

ب ـ زیانگەیاندنی زۆری جەستەیی یاخود عەقڵی بە تاكەكانی كۆمەڵێك.

ج ـ بەئەنقەست دانانی كۆمەڵێك لەهەلومەرجێكی بژێوی دژوار بە مەبەستی لەناو بردنی بەشێكیان یان هەموویان.

و ـ كۆسپ خستنەبەر منداڵبوون لەناو كۆمەڵێكدا.

هـ ـ گواستنەوەی بەزۆری منداڵان لەكۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی تر.

بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی ١١، تاوانباران لەسەر ئەم كارانە سزا دەدرێن:

١ـ كۆمەڵكوژی.

٢ـ پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی كۆمەڵكوژی.



٣ـ هاندانی راستەوخۆو ئاشكرا بۆ ئەنجامدانی كۆمەڵكوژی.

٤ـ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی كۆمەڵكوژی.

ئەگەر بە وردی سەیری بڕگەكانی ئەم ماددەیە بكەین‌و بەتاوانی ئەنفالی بەراورد بكەین، دەبینین ئەنفال دەچێتە خانەی تاوانی كۆمەڵكوژییەوە كە تاوانێكی نێودەوڵەتیەو هەموو بنەماكانی ئەو تاوانەی بەسەردا دەچەسپێت، چونكە:

١ـ بەپێی ئەو پێناسەیەی كۆمەڵكوژی كە لەو ماددەیەدا هاتووە، مەبەستی سەرانی بەعس لەعەمەلیاتی ئەنفال لەناوبردنی بەشێك بووە لەكۆمەڵی كوردەواری لەرووی نەتەوەییەوە.

٢ـ هەر پێنج خاڵەكەی تایبەت بە شێوازەكانی ئەنجامدانی تاوانی كۆمەڵكوژی لەلایەن سەرانی بەعسەوە لەشالاوە دزێوەكانی ئەنفالدا ئەنجام دراوە.

٣. سەرانی بەعس لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا هەر پێنج کارە تاوانکارییەکەی کۆمەڵکوژییان ئەنجام داوە کە لەماددەی ١١ی یاساکە هاتووە.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستییانەی کە ئاماژەمان پێکردن دەگەینە ئەو راستیەی کە تاوانی ئەنفال هەموو بنەماکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە کە لەماددەی (١١)ی یاساکەدا هاتووە .

## دووەم: عیراقو پابەندێتی نێودەوڵەتی

عیراق چەندین رێکەوتننامەو پەیماننامەو بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤی ئیمزاکردووە. بەوەش پابەندێتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەمەش بەشێکە لەو رێکەوتننامەو بەڵگە نامە نێودەوڵەتیانەی کە عیراق ئیمزای کردوون:



١. هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنیو سیاسییەکانو مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانی ساڵی ١٩٦٦.

عیراق لەساڵی ١٩٦٩ ئەو دوو پەیماننامەیەی ئیمزا کردووە، ساڵی ١٩٦٩ پەسەندی کردوون، ساڵی ١٩٧١ بەرەسمی پەیوەندی پێوە کردوون.

٢. رێکەوتننامەی قەدەغەکردنو سزادانی تاوانبارانی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨.

٣. رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی تەمییزی نەژادی ساڵی (١٩٦٥).

٤. رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی سەرکوتکردنی تاوانی پاکتاوی نەژادی ساڵی ١٩٧٣.

٥. عیراق بەو سیفەتەی ئەندامی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، هەموو ئەو پابەندییانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە لەدوو توێی پەیماننامەی

نەتەوەیەکگرتووەکاندا سەبارەت بە مافی مرۆڤو گەلان هاتووە.

دەبوو عیراق بەهەموو ئەو ڕێکەوتننامەو پەیماننامانەوە پابەند بوایەو ڕێزی لێ بگرتنایە. کەچی بە پێچەوانەی ئەوەوە هەموو ئەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانە بەگشتیو پەیماننامەی قەدەغەکردنو سزادانی تاوانبارانی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ی پێشێل کردوە کە ئیمزای کردووە، بەپێچەوانەی ئەو بەڵگەنامانەوە تاوانەکانی جینۆسایدو تەمییزی نەژادیو پاکتاوی نەژادیو پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤو گەلانی ئەنجام داوە.

**سێیەم: دەرەنجامی بەجینۆساید ناسینی ئەنفال**

پاش شەست دانیشتن لەسەر دۆسییەی ئەنفال، ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بڕیاری خۆی بەسەر شەش تۆمەتباردا ڕاگەیاندو



بەپێی ئەوبڕیارە ( عەلی حەسەن ئەلمەجیدو سوڵتان هاشم و حسین ڕەشید) بەلەسێدارەدانو ( فەرحان ئەلجبوریو صابر ئەلدوری) بەزیندانی هەمیشەیی حوکمدرانو (تاهیر تۆفیق ئەلعانی)یش بێتاوان دەرچوو.

ئەوەی بەخاڵێکی ئیجابی لەو بڕیارەی دادگادا دادەنرێت ئەوەیە کە ئەنفالی وەك تاوانی جینۆساید ناسیو ئەو تۆمەتبارانەی پێ سزادا بەتایبەتی ئەوانەی کە حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا، ئەوەش بایەخێکی گرنگی لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی بۆ گەلی کوردستان هەیە.

بەرەسمی ناسینی ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید چەند شوێنەوارو ئەنجامێکی یاسایی دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی عیراق، چونکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانی جینۆساید بەپێشێلکردنی پابەندییە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت، دواتر سەلماندنی ئەو

پێشێلکارییانە پابەندێتی نوێ دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی عیراق.

ئەگەرچی رژێمی صدام حسێن تاوانی جینۆسایدی لەدژی گەلی کوردستان ئەنجامداوەو ئێستا ئەو رژێمە رووخاوەو لەسەر حوکم نەماوە، بەڵام بەپێی یاسای نێودەوڵەتی حکومەتی دوای ئەو واتە حکومەتی ئێستای عیراق ئەو پابەندییە یاساییانەی دەکەوێتە ئەستۆ.

یەکێك لەو پابەندییانەی دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی ئێستای عیراق قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالە.

### چوارەم: ئەنفالچییانی کورد

پێش سازدانی راپەرینی ئازاری ١٩٩١، بەرەی کوردستانی بریاری لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردانە دەرکرد کە لەدامودەزگا ئەمنیو موخابەراتیو



سەربازیو فەوجەکانی جاشوخەفیفەومەفرەزە خاصەکانی سەر بەرژێمی بەعسدا کاریان کردبوو.

بەوەش لەدوای سەرکەوتنی راپەرینو لەسایەی پەرلەمانو حکومەتی کوردستاندا هیچ کام لەو تۆمەتبارە کوردانە نەك لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرا، بەڵکو زیاد لەپێویست رێزیان لێگیراو تەنانەت هەندێکیان پۆستی حزبیوحکومیشیان وەرگرت.

بەشێك لەو تۆمەتبارانە نەك هەر دەرسیان لەو لێبوردنەی بەرەی کوردستانی وەرنەگرتو بەخۆیاندا نەچوونەوە، بەڵکو ژێر بەژێرو بەنهێنی پەیوەندییان بەرژێمی بەعسەوە کردەوەو رێگەی خیانەتیان گرتەوە.

رووخانی رژێمی بەعسو هاتنە سەرکاری حکومەتی نوێی بەغدا هێلانەی خیانەتو جاشایەتی تێکداو هەلومەرجێکی وای هێنایە ئاراوە کە داوا بکرێت ئەنفالچییانی کوردی عەفوکراو راپێچی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بکرێنو لێبوردنەکەی بەرەی

کوردستانیش پوچەڵ بکرێتەوەو هیچ شەفاعەتێکیان بۆ نەکات.

ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ لەکاتی دەرکردنی بریاری حوکمی شەش تۆمەتباری سەرەکی ئەنفالدا ، دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق ناوی ٤٢٣ تۆمەتباری تری دۆسیەی ئەنفالی ئاشکرا کرد کە بەشێکیان ئەو کوردە ئەنفالچیانەن کەبەشداری عەمەلیاتی شوومی ئەنفالیان کردووەو دەبێت ئەو تۆمەتبارانە لەبەردەم ئەودادگایەدا دادگایی بکرێن. لەبەربایەخی دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارانە لەسەر تاوانی ئەنفال بەپێویستی دەزانم لەچەند روویەکەوە تیشك بخەمە سەر ئەو مەسەلەیە.

١- دەسەڵاتو ولایەتی دادگا: یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیەوە لەساڵی ٢٠٠٥ پەسەند کراوە، بەپێی مادده یەکی ئەو یاسایە ئەو دادگایە



دادگایەکی سەربەخۆیەو لەژێر هەژموونی هیچ ناوەندێکی دەسەڵاتدا نیەو بەئازادی کارەکانی ئەنجام دەداتو دەسەڵاتو ولایەتی بەسەر هەموو کەسێکی سروشتیدا هەیە کە عیراقی ، یاخود عیراقی نەبێت بەو مەرجەی نیشتەجێی عیراق بێتو تۆمەتبار بێت بەیەکێك لەتاوانەکانی دوو تویێی ماددەکانی (١١،١٢،١٣،١٤)ی یاساکەو کە لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨تا ١ی مایسی ٢٠٠٣ لەعیراق یاخود هەر شوێنێکی تر تاوانەکان ئەنجام درابێت. بەپێی ئەو ماددەیە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق وەك دادگایەکی سەربەخۆ دەسەڵاتو ولایەتی تەواوی هەیە هەر هاووڵاتیەکی عیراقیو ناعیراقی دادگایی بکات کە بەتاوانەکانی دووتوێی یاساکە تۆمەتبار بێت. لەو چوارچێوەیەدا ئەو دادگایە دەسەڵاتی هەیە تۆمەتبارانی کوردی دۆسیەی ئەنفال دادگایی بکات بەو سیفەتەی کە هاووڵاتی

عیراقین‌و تۆمەتبارن بە تاوانەکانی دوو توێی یاساکەو لەوماوەیەشدا ئەنجام دراون کەیاسەکە دیاری کردووە.

تۆمەتبارانی کورد نەك هەر بەشداری عەمەلیاتی دژێوی ئەنفالیان لەدژی گەلەکەی خۆیان کردووە ، بەڵکو چاوساغ‌و پێشەنگی هێزەکانی عیراقیش بوون.

٢- لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی: بەپێی برگەی شەشی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق هەر لێبوردنێك لەپێش جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە دەرچووبێت بۆ تۆمەتبارانی تاوانەکانی دوو توێی ماددەکانی (١١،١٢،١٣،١٤)ی یاساکە پوچەڵ دەکرێتەوە ، چونکە ئەو تاوانانە تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی‌و تاوانی جەنگ‌و تاوانی پێشێلکردنی یاسا عیراقیەکانە، کە هەروا بەئاسانی لێبوردن‌و لێخۆشبوونیان نیە. بەپێی ئەو بڕگەیەی یاساکە ئەو لێبوردنەی کە بەرەی کوردستانی دەرهەق بەتۆمەتبارانی کورد دەریکردووە پووچەڵ دەکرێتەوەو



دەبوو هەمموو ئەو تۆمەتبارە کوردانەی تۆمەتبارن بەتاوانی ئەنفال لەو دادگایەدا دادگایی بکرێن، ئیدی ئەو دادگایە تاوانباریی‌و بێتاوانیان ساغ دەکاتەوە.

٣- بەسەرنەچوونی وادەی تاوانەکان: بەپێی برگەی چواری ماددەی ١٧ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، تاوانەکانی دوو توێی ماددەکانی((١١،١٢،١٣،١٤)ی یاساکە بەتێپەربوونی کات بەسەر ناچن ، ئەوە بنەمایەکی نێودەوڵەتیشی هەیە کە رێکەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی جەنگ‌و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی‌و تاوانەکانی جینۆسایدە کە بەتێپەربوونی کات ئەو تاوانانە کۆن نابن‌و بەسەرناچن. بایەخی ئەم برگە یاساییە ئەوەیە کە تۆمەتبارانی ئەنفال لە تاوانی ئەنفال نابەخشرێن بەهۆی ئەوەی کەنزیکەی ٢٣ ساڵ بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەدا تێپەریووەو رژێمی بەعسیش رووخاوە ، چونکە بەپێی ئەو برگە یاساییە ئەوە هیچ کاریگەری

نابێت لە داخستنی دۆسیەی ئەنفالو بەخشینی تۆمەتبارانی.

٤- تۆمەتبارانی ئەنفالو مافی پەنابەری سیاسی: بەپێی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی تاوانبارانی کە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە، تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید مافی پەنابەری سیاسیان لەوڵاتانی تر پێنادرێتو دەبێت تەسلیم بەوڵاتی خۆیان بکرێنەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو تاوانە دادگایی بکرێن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێکەوتننامەیەو بەپێی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لەسەر عەلی کیمیاویو هاوڕێکانی تاوانی ئەنفال بەتاوانی جینۆساید ناسراوە ، بەوەش هەر تۆمەتبارێکی ئەنفال بۆ هەر وڵاتیك هەڵهاتبێت یاخود بیەوێت هەڵبێت، لەو وڵاتە مافی پەنابەری سیاسی نادرێتێو دەبێت تەسلیم بە حکومەتی عیراق بکرێتەوە ، بۆئەوەی لەسەر ئەو تاوانە دادگایی بکرێت.



٥- حوکمدراوانی دادگا نابەخشرێن: بەپێی برگەی دووی ماددەی ٢٧ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، هەر تۆمەتبارێك لەلایەن ئەو دادگایەوە هەر سزایەکی بەسەردا بسەپێنرێت، هیچ لایەنێکی دەسەڵات مافی ئەوەی نیە تۆمەتبارەکە لەسزاکەی ببەخشێت یاخود سزاکەی بۆ کەم بکاتەوە ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو برگە یاساییەدا تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال لەلایەن ئەو دادگایەوە هەر سزایەکیان بەسەردا بسەپێنرێت وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت.

## پێنجەم: قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفال

یەکێك لەو پابەندییانەی دەکەوێتە سەرشانی حکومەتی ئێستای عیراق قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالە.

مەسەلەی قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوانو كەسوكاری قوربانیانی ئەنفال بەدوو شێواز دەبێت كە ئەمانەن:

**یەكەم- شێوازی فەردی:** لەرووی شێوازی فەردییەوە زیانلێكەوتوانو كەسوكاری قوربانیانی ئەنفال ئەم مافانەیان هەیە:

١- گەڕانەوەی مافەكانیان: گەڕانەوەی ئەو مافانە بەوەدەبێت حكومەتی ئێستای عیراق دەبێت هەموو ئەو بڕیارە نایاساییانە هەڵبوەشێنێتەوە كە پێچەوانەی بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتیو یاسای ناوخۆییو پرنسیپە مرۆییەكان دەركراوە، لەوانە گەرانەوەی مومتەلەكاتی خانوبەرەو گەڕانەوەی رەگەزنامەو گەڕانەوەی ئاوارەكان بۆ شوێنی خۆیانو هەڵوەشانەوەی هەموو بڕیارەكانی تایبەت بەگواستنەوەو لێسەندنەوەی رەگەزنامەو راستكردنەوەی نەتەوەییو



راگواستنو گەڕانەوەی هەموو موڵكو كەلوپەلێكی دەستبەسەردا گیراو بەبێ بنەمایەكی یاسایی رەوا.

٢- راهینانەوە كە خۆی لەچاودێری پزیشكیو چارەسەری دەرونی پاشماوەكانی كەسوكاری ئەنفالدا دەبینێتەوە.

٣- قەرەبووكردنەوەی مادی بۆ كوشتنو ئازاری جەستەیی یاخود عەقڵی.

دەوڵەتی ئێستای عیراق ئەركی قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوان و كەسوكاری قوربانیانی ئەنفالی دەكەوێتە ئەستۆ. قەرەبووكردنەوەكەش چەند جۆرێكە كە ئەمانەن:

١- قەرەبووكردنەوەی زیانە مادییەكانی تاوانەكە، ئەمیش دوو جۆرە كە خۆی لە قەرەبووی زیانەكانی ژیانو جەستەی مرۆڤو قەرەبووی زیانی ماڵیدا دەبینێتەوە.

سەبارەت بەقەرەبووی ژیانو جەستەی مرۆڤ، هەموو ئەو هاوولاتیانەی کە لەعەمەلیاتی ئەنفالدا شەهید بوون، دەبێت میراتگرە شەرعیەکانیان قەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها هەموو ئەوانەش کە زیانیان لێکەوتووەو باری تەندروستیان تێکچووە یاخود کەم ئەندام بوون دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە.

٢- قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بواری ماڵی:ئەمەش هەموو ئەوزیانە ماڵیانە دەگرێتەوە کە بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە لە هەرێمی کوردستان روویداوە لەزیانی خانوو بەرەو باخو بێستانو ئاژەڵو سەروەتو سامانی تر.

٣- قەرەبووکردنەوەی زیانی مەعنەوی: بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە خەڵکی زیانی مەعنەوییان لێکەوتووە، ئەویش بەهۆی ونبوونی خزمو خۆشەویستان یاخود ئەو ئازارە دەروونیەی بەهۆی ئازاری جەستەو نەخۆشیو شێواندنەوە روویداوە،



هەموو ئەوانە مافی ئەوەیان هەیە داوای قەرەبووکردنەوە بکەن.

٤- قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ژینگە: ئەم قەرەبووکردنەوەیەش قەرەبووی هەموو ئەوزیانانە دەگرێتەوە کە لەکاتی عەمەلیاتی ئەنفالدا بەر ژینگەی هەرێمی کوردستان کەوتووە، لەم روەوە کۆمەڵەو رێکخراوەکانی بواری پاراستنی ژینگە مافی ئەوەیان هەیە داوای قەرەبووکردنەوەی ژینگەی کوردستان بکەن.

**دووەم- شێوازی بەکۆمەڵ**: شێوازی بەکۆمەڵی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- حکومەتی عیراق بەئاشکراو بەرەسمی ئیدانەی تاوانی ئەنفال بکاتو دوای لێبوردن لەگەڵی کوردستان بکات.

٢- حکومەتی عیراق زەمانەتی ئەوەبدات کە تاوانی جینۆساید دووبارە نابێتەوەو ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتە بەر بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەوتاوانە.

٣- هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەی زەمینەی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید خۆش دەکەن.

٤- ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەبێت یاسایەك دەربکات بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، ئەوەش مافێکی دەستوورییە، چونکە دەستووری هەمیشەیی عیراق لەماددەی١٣٢دا جەختی لەوە کردۆتەوە کە زیانلێکەوتوانی تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو چاودێری بکرێنو ژیانیان دابین بکرێت. ئەوە بێجگە لەوەی کە برگەی یەکی ماددەی ١١٢ی دەستووری هەمیشەیی عیراق ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ماوەیەك پشکێك لەداهاتی نەوتوگاز دابینبکرێت بۆ ئەو هەرێمو ناوچانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا زیانیان لێکەوتووەو بێبەشکراون لەو داهاتە، بێگومان



هەرێمی کوردستان بەگشتیو ناوچەکانی سنووری شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیاباران بەتایبەتی زیانی زۆریان لێکەوتووەو دەبێتە قەرەبووبکرێنەوەو هەوڵی گەشەپێدانو پێشخستنیان بدرێت.

سەرباری ئەوەی کە بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەو دەرئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێگەی گەلی کوردستان بەهێز دەکاتو ئەو مافەی پێدەبەخشێت کە داوای زەمانەتی نێودەوڵەتی بکات بۆئەوەی جارێکی تر ڕووبەرووی جینۆساید نەبێتەوە.

# سەرچاوەکان:


١. یوسف دزەیی، ئەنفال، کارەسات، ئەنجامو رەهەندەکانی، هەولێر/ ٢٠٠١,

٢. د. مارف عومەر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)/ ٢٠٠٥.

٣- ڤالا فرید- المسؤولیه الدولیه فی جریمه الاباده الجماعیه — اربیل -٢٠٠٤

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فريد اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی ڕووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین<br>و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية | د. حميد عزيز<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |

## لەبڵاوكراوەكانی
## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوكراوەكان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 523 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 523 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 523 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| 523 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 523 | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| 553 | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 553 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 552 | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 555 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| 553 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 553 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 553 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 553 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 553 | ئايين و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| 553 | فيمينيزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 533 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 533 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 532 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 535 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 533 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 533 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| 533 | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| 533 | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 533 | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 533 | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| 533 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| 533 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 532 | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| 535 | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 533 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| 533 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | ڕامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| 533 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 533 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| 533 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| 533 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| 533 | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| 533 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| 532 | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 535 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| 533 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| 533 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| 533 | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| 533 | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| 533 | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 533 | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| 533 | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| 533 | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| 532 | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| 535 | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| 533 | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | د. کوردۆ عەلی | |
| 533 | تاريخ الفكر الكردي | ماموستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| 533 | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| 533 | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| 533 | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| 533 | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| 533 | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرک، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| 533 | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 532 | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| 535 | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| 533 | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| 533 | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆڵا | ٢٠١١ |
| 533 | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| 533 | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| 533 | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 533 | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| 533 | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| 533 | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| 532 | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| 535 | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ڕێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| 533 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| 533 | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 533 | فلســــــفة الديمقراطيـــــــة الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| 533 | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| 533 | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |